# ١١ی ئۆکتۆبەری کەرکوك, ١١ی سەپتەمبەری کوردستان بوو

عەلی مەحمود  محەمەد

ئۆپەراسیۆنی لێدانی نەوتی کەرکوك یان فەتحی یەك, یەکەم ئۆپەراسیۆن بوو ئێرانییەکان لە ناوخۆی عێراق بە هاوکاری پێشمەرگەی ینك ئەنجامیاندا، یەکەم جار بوو ئێرانییەکان لە گەڵ لایەنێکی عێراقی و کوردی لەناو خاکی عێراق ئۆپەراسیۆنی هاوبەش ئەنجام بدەن, پێشتر فەجری دوو لە سنووری حاجی ئۆمەران ئەنجام درابوو, لێ فەتحی یەك لە قوڵایی 180 کیلۆمەری خاکی عێراق و بەرامبەر بە هەستیارترین پڕۆژەی ئابووری عێراق کە کۆمپانیای نەوت و گازە ئەنجامدرا, لەم ئۆپەراسیۆنە هێزی هاوکاریکەر کە ی ن ك ە, دەبێتە هێزێکی هێرش کەر لە بری رەسەد و چاوساغی وەك لە فەجری دوو پارتی-حسك ئەنجامیان دا, لە فەتحی یەکەوە ئیتر هێنانی پاسدار وەك  کاری قۆنتەراتی بۆ ینك, پدك, حسك, حیزبوالڵەو بزووتنەی ئیسلامی لێ دێت, تەنانەت  مەجلس ئەعلاو  دەعوەش دەچنە ناو ئەو قۆنتەراتەوە لە سنوری قەڵەمڕەوی لایەنە کوردییەکانەوە, کوردستان وەك شاری بێ ساحێبی لێ دێت, بە پانی و درێژی کوردستان پاسدار دەسوڕێنەوە, سیخوڕی دەکەن, خەڵکە کڕن, تۆڕی جاسوسی دروست دەکەن .

## بۆ قەرارگای  رەمەزان

لە دوای ئۆپەراسیۆنی فەجری دوو بە هاوبەشی پارتی, گرنگی ئەم تەرزە جەنگە هاوبەشانە لە گەڵ هێزەکانی کوردی عێراق بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران دەرکەوت, کە لە هێرشەکانی بە بنبەست گەیشتبوو, کەمترین زیان

زۆرترین دەستکەوت, بۆیە بڕیاری کردنەوەی ناوەندێك بۆ سەرپەرشتیکردنی ئەم تەرزە جەنگە دەدەن.

لە ڕێکەوتی3 23-10-198بە فەرمانی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای بەرگری ئێرانی ئایەتولا خامنەئی ڕەزامەندی درا بۆ دروستکردنی بارەگایەك بۆ جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنە سنوور بەزێنەکان, لە مانگی رەمەزانی ساڵی 1962 یەکەم فەرمانی فەرماندەیی بۆ مورتەزا رەزایی دەرچوو بۆ دامەزراندنی قەرارگایەك بۆ مەبەستی ئاماژە پێدراو, بۆیە بە ناوی قەرارگای رەمەزان ناونرا, چونکە لە مانگی رەمەزان بڕیاری پێکهێنانی درا, ئەم قەرارگایە ئەرکی رێکخستن و ئەنجامدانی چالاکی هاوبەش بوو لەناو عێراق بە هاوبەشی لایەنە کوردی و عێراقییەکان.عملیات فتح ۱؛ عملیاتی در عمق خاک عراق

**نەبوونی متمانە بە ینك**

بە وتەی پاسداران ئەو هێزانەی ئێران بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی فەتحی یەك دەیانویست بچنە ناو عێراقەوە دوو کێشەیان هەبوو: یەکێکیان متمانەیان بە پێشمەرگەی ی ن ك نەبوو, چونکە یەکێتی بۆ ئێرانییەکان بەو کەسانە ناسرا بوون کە لە هەر ساتێکدا بە ئاراستەیەکدا دەڕۆن, بەدوای بەرژەوەندیەکانی خۆیانەوەن، پێشتر لەگەڵ سەدامدا ئاشت بوونەتەوەو رێك کەوتوونە, وە چەند جارێك لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران شەڕیان کردبوو .

بەڵام ئێستا ی ن ك نوێنەریان ناردووە بۆ ئێران, ئامادەیی خۆیان بۆ یاوەری کۆماری ئیسلامی لە دژی ڕژێمی بەعس ڕاگەیاندبوو بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش, بەهەمان رێگای پارتیدا رۆیشتن .

مجله امتداد ىَبان 1387، شماره 34

عملیات چریکی در قلب عراق;نبرد کرکوک به روایت فرمانده عملیات

کەواتە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی فەتحی یەك پێشنیاری ی ن ك بووە, کەرکووکی لە سەر سینییەك زێڕین پێشکەش کۆماری ئیسلامی ئێران کردووە, ماوەتەوە لە دەرەوەی گریمانە بزانین کێ ئەندازیاری ئۆپەراسیۆنەکە بووە سەرەتا؟, وە کێ بووە ئەو کەسەی پەیامەکەی گەیاندووە بە ئێرانییەکان؟.

**ینك چۆن چیرۆکی پەیوەندییەکە دەگێڕنەوە؟**

هەرچەندە پێشتر خواستی ی ن ك بۆ پەیوەندی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران رەتکراوەتەوە, تەنانەت ئامادەی گفتوگۆش نەبوونە لە گەڵ ینك, بەڵام چاوی ئێرانییەکان لە سەر فەتحی یەك وا دەکات, خۆیان عەودالّی پەیوەندی بن"نەوشیروان بە بیری هێنایەوە " کە شەڕ لەگەڵ ئێراندا هەڵگیرساو ئێمە وەفدێکمان نارد بۆ لای ئێوە قبوڵتان نەکرد" - ل149-مام جەلال دیداری تەمەن - ئامادەکردنی سەلاح رەشید-چاپی یەکەم 2017چاپخانەی کارۆ.

فەرەیدون عەبدالقادر یەکێك لە کەسە نزیکەکانی ئەوکاتی خەتی نەوشیروان مستەفا و هاوکات نزیك لە ئێران, ئاوا چیرۆکی یەکەم پەیوەندی لە گەڵ ئێرانمان بۆ دەگێڕێتەوە" تا رۆژێکیان لێپرسراوێکی ئێرانی بە ناوی مستەوفی لە گەڵ سلێمانی قەساب هاتن و گفتوگۆی راستەوخۆو جدییان لە گەڵ یەکێتی کرد, مام جەلال و کاك نەوشیروان بە راستگۆیی و بە رۆشنی قسەیان لەگەڵ کرد و ترسی ئەوەیان لا رەوانەوە, کە گەرم بوونی پەیوەندی ئێران لە گەڵ یەکێتی, وا لە یەکێتی ناکات, کە وەك تاکتیك و کارتێکی گوشار بۆ گفتوگۆ لەگەڵ عیراق بەکاری بهێنێ! ( سلێمان قەساب و خاڵە حاجی) , هەردوو لە حسك رۆڵی باشیان هەبوو لە هاندانی ئەو لێپرسراوانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران, بۆ بەردەوام بوونی سەردانەکانیان بۆ لای یەکێتی! هاوکات قەناعەتەکانی (نەوشیروان) یش, بۆ سوود وەرگرتنی تەواو لە شەڕی (ئێران-عێراق), لە دژی صدام و رژێمەکەی, دەوری هەبوو لە خۆشکردنی زەمینەی لەبار بۆ زیاتر پەیوەندی کردن لەگەڵ ئێران! ".ل 529-530 هەڵۆ سورەکانی قەندیل فەرەیدون عەبدوالقادر چاپی دووەم 2020."

بەڕێز نەوشیروان مستەفا لەو بارەیەوە دەڵێت:" لەو ماوەیەدا چەند کەس لە بەرپرسەکانی یەکێتی: لە سەرەتادا دلێری سەید مەجید و دوای ئەو د.فوئاد مەعسوم ، ئازاد هەورامی، جەبار فەرمان، دارای شێخ جەلالی حەفید، ڕەفعەت عەبدالڕەحمان، عەلی بچکۆڵ، شێردڵ حەوێزی، جەلال عەبدوالقادر بە کۆمەڵ و بەجیا سەردانی ئێرانیان کرد لەسەردەشت، ورمێ،کرماشان لە گەڵ کاربەدەستی ئێرانی لە ئیتلاعات و سوپای پاسداران دانیشتن - خولانەوە لەناو بازنەدا دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق1984-1988 نەوشیروان مستەفا ئەمین چاپی دووەم 1999-ل"103.

"لە ناو ئەواندا دو سەردان گرنگییان هەبو، کاریان لە پەیوەندیەکانی ئێران و یەکێتی کرد یەکەمیان، سلێمان قەساب، کە یەکێ لە کادرەکانی حسك بو، یەکێ لە کاربەدەستانی ئیتلاعاتی لە گەڵ خۆی هێنا.هەم گفتوگۆی سیاسی لەگەڵ کرا؟و هەم خۆیشی حەزی کرد گەشتێکی خێرابە هەندێ ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی دا بکا. لە یەکێ لەو گفتوگۆیانەی لە نێوان ئەم و هەندێ لە ئەندامانی م س کرا، ئەم نوێنەرە قسەیەکی کردو وتی:((ئێوە تازە گفتوگۆتان؟لەگەڵ عێراق بڕیوە، زەمان چیە ئەم پێوەندیەی لە گەڵ ئێرانی دروسەی پەکەن، بەکاری ناهێنن بۆ؟ئەوەی هەڵوێستتان بەهێز بکا لە گفتوگۆی داهوتان دا لەگەڵ عێراق؟))ل104.

"دوای ئەمیش وەفدێکی کەسی هات، تێکەڵاو بو لە نوێنەری چەند وەزارەت و دەزگای جیا جیای ئێرانی. وەکو دوای دەرکەوت سەرۆکی وەفدەکەیان، سەرۆکی دەزگای ئیتلاعاتی سوپا بو. خولانەوە لەناو بازنەدا دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق1984-1988 نەوشیروان مستەفا ئەمین چاپی دووەم 1999- ل 105.

**بیرۆکەی ئۆپەراسیۆنی فەتحی یەك**

سەبارەت بە بیرۆکەی لێدانی نەوتەکەی کەرکوك فەرەیدون عەبدوالقادر دەڵێت: "نەوشیروان, نەخشەی پەلاماردانی بیرە نەوتەکان لە مێشکی دا بوو, ئەوەش گەورەترین دان رۆکردن و چەشە کردن بوو بۆ لێپرسراوە ئێرانییەکان, بە تایبەتی ئەو شاندەی ئێران, کە سەردار وەحیدی لە گەڵیان هاتبوو!" وەحیدی ماوەیەك لێپرسراوی ئیتڵاعاتی سوپاو ماوەیەکیش فەرماندەی هێزەکانی پیادەرۆی سوپای پاسدارانی ئێران بوو".ل 529-530 هەڵۆ سورەکانی قەندیل فەرەیدون عەبدوالقادر چاپی دووەم 2020."

سەبارەت بە پرۆژەی ئۆپەراسیۆنی فەتحی یەك نەوشیروان مستەفا دەڵێت:"یەکێ لەو کارانەی کە ئێرانیەکان بە لایانەوە گرنگ بو بکرێ لێدانی دامەزراوەکانی نەوتی کەرکوك بو. لە نزیك کەرکوك بە تەنیا هێزی یەکێتی لێ بو. هێزەکانی یەکێتی ئەیانتوانی بگەنە ناو بیرەکانی نەوت و ، بگەنە نزیك دامەزراوە سەرەکیەکانی."

"ئێمە خۆمان چەند ساڵێ بو بیرمان لە لێدان و تێکدانی کردبووەو زانیاری زۆرمان لەسەر کۆکردبوەوە، بەڵام جێبەجێکردنی لە توانای ئێمەدا نەبو، بە تایبەت چەك و تفاقی جەنگیی ئێمە زۆر سادەو دواکەوتو بو بۆ ئەنجامدانی کارێکی لەو بابەتە، بە کەڵك و کاریگەر نەبو. خولانەوە لەناو بازنەدا دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق1984-1988 نەوشیروان مستەفا ئەمین چاپی دووەم 1999-ل106."

"سەرکردایەتی یەکێتی لەبەر گرنگی کارەکە، دانان و جێبەجێکردنی پلانی هەموو چالاکیەکەیان بە من سپاردو، من ڕۆژانە ئەبو خەرێکی وردەکاری پلانەکە بم. ئێرانیەکان ئەم کارەیان بەلاوە زۆر گرنگ بو، تەنانەت بە مەرجی جدی بونی یەکێتی لە شەڕی عێراق و ، هاوکاری پاشەڕۆژیان دانابو. خولانەوە لەناو بازنەدا دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق1984-1988 نەوشیروان مستەفا ئەمین چاپی دووەم 1999 ل 107."

**نرخ  بۆ سەری پاسدارەکان دیاریکرابوو**

ئێرانییەکان دەڵێن ویستمان بچین لەگەڵ کەسێکدا هاوشان شەڕ بکەین کە لە دژی ئێمە پێشتر شەڕی کردبوو, ئەوە حاڵەتێکی دەروونی زۆر سەیر و سەمەرەی دەویست. ئەمە یەکەم تایبەتمەندی ئەو ئۆپەراسیۆنە بوو؛ بۆیە دەبوایە ئەو برایانەی کە دەچوونە ناو خاکی عێراق متمانەیان پێیان بکردایە و بچنە قووڵایی خاکی عێراق و ئۆپەراسیۆنێکی وا گەورەیان لە کەرکوك ئەنجامدابا, بۆ ماوەی 45 رۆژ لە ناوخۆی عێراقدا مانەوە .

ئەوکات نەمانزانی کە عێراق لەو رۆژەدا بەخشینێکی بۆ سەری هەموو ئێرانییەکی سەر بە رژێمی ئێران دانابوو. ئەو کات دوو سەد هەزار دیناری بۆ سەری هەر ئێرانییەك دانابوو، هەر دینارێك یەکسان بوو بە ٦٨ تومان .!

مجله  امتداد  ىٓبان 1387، شماره 34

عملیات چریکی در قلب عراق;نبرد کرکوک به روایت فرمانده عملیات

**گواستنەوەی پێداویستی ئۆپەراسیۆنی فەتحی دوو**

گواستنەوەی ئەو هەموو چەك و تەقەمەنییە لە  سەر سنووری ئێرانەوە بۆ کەرکووك, یەکێکە لە لایەنە گرنگەکانی ئۆپەراسیۆنەکە, لەمەشدا لە قەبارەی چەك و تەقەمەنی هاتوو جیاوازی ئامار هەیە, وەلێ بە هەمووەوە دەتوانرێت زیانیاری نزیك بە دەست بهێنرێت.

"لە ماوەی دە شەودا زیاتر لە 3 هەزار بار لە سەر سنووری ئێرانەوە, لە بارەگایەکی پاسداران لە نێوان بانەو سەردەشت, بە دەروازەی سەفرەو زەنوون ی نزیك ماوەت هاتنە ناو عێراقەوە، لە چەکی قورس هاوەنی 120 ملم و کاتیۆشا و چەکی مام ناوەندی و  سوك و تەقەمەنی, 3000 گولەی هاوەن و هەزاران رۆکێتی کاتیۆشاو ژمارەیەکی زۆر رۆکێتی ئاڕ پی جی و گولەی دۆشکاو تفەنگ و خۆراك و پێداویستی پزیشکی, هەر شەوێك ٣٠٠ باری هێستر پێداویستیەکانی ئەم ئۆپەراسیۆنەیان لەو ڕێگایەوە دەبردە ناو خاکی عێراقەوە."

مجله امتداد ێبان 1387، شماره 34

عملیات چریکی در قلب عراق;نبرد کرکوک به روایت فرمانده عملیات

150 "تۆن کەرەستەی سەربازی و 300 ئۆپەراتۆری سوپای پاسداران لە ئێرانەوە لە پشت هێڵەکانی دوژمنەوە گواسترانەوە بۆ کەرکوک, لە ئۆپەراسیۆنێکی شاراوەدا کە ماوەی 40 ڕۆژ بەردەوام بوو. کەرەستەکان بەم شێوەیە بوون: 1500 کلاشینکۆف, 40 بی کەی سی , 15 دۆشکە, 60 ئارپی جی , 3هاوەنی 120 ملم , 2 هاوەنی 81 ملم, 1500 گولەی هاوەنی 120 ملم, 1000 گولەی هاوەنی 81 ملم, 500 گولەی هاوەنی 60 ملم, 7354 رۆکێتی ئار پی جی, 500 گولەی تفەنگی 60 ملم, 2000 گولەی تفەنگی 107 ملم, 21500 گولەی کلاشینکۆف, 10000 گولەی بی کەی سی, 12000 گولەی دۆشکە .

https://en.wikipedia.org/wiki/Operation_Fath_1

بەڕێز نەوشیروان مستەفا لەم بارەوە دەنوسێت: گوێزانەوەی تفاقی جەنگی ئەو تفاقەی بۆ ئەم کارە پێویست بو لە :10هاوەنی 120ملم، 4کاتیۆشا، 45تەن گوللەی هاوەن و کاتیۆشا، چەند دانەیەك سامی 7ی دژی فڕۆکە، چەند دانەیەك ساروخی دژ تانك و، هەندێ فیشەکی کلاشینکۆف. ئەمانە پێشتر ، بە سەرپەرشتی جەبار فەرمان لە زەردەکانیەوە لە ئێرانەوە بە کۆڵی ئێسترگوێزرابونەوە بۆ دۆڵی جافەتی. گوێزانەوەی کارێکی یەکجار دژوارو سەخت بو. ئەبو جارێك لە زەردەکانی بار بکرێ و لەسەر چەمی کەڵوێ دابگیرێ و بە گوریس لە ڕوبار بپەڕێتەوە، جارێکی تریش لە ئێستر بار بکرێ تا ئەگەیشتە یەکێ لە عەمارەکانی دۆڵی جافەتی و لە ئەشکەوتەکانی گوێزەڵەو یاخسەمەر و هەڵەدن ئەشاردرانەوە. خولانەوە لەناو بازنەدا دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق1984-1988 نەوشیروان مستەفا ئەمین چاپی دووەم 1999-ل 108-109

**دووجار  گومان لە ئەنجامدانی چالاکی**

پێش ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکە بە چەند رۆژێك, نەوشیروان مستەفا فەرماندەی ئۆپەراسیۆنی ینك دوو دڵ دەبێت لە جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە, بەهۆی ئەوەی گومانی هەبووە لەوەی هەواڵی ئۆپەراسیۆنەکە دزەی کردبێت بۆ حکومەتی عێراقی, داوا دەکات ئۆپەراسیۆنی ئەلتەرناتیف جێبەجێ بکەن لە دوکان" ئەوە جێبەجێ بکرابایا لە لێدانی سەدی دوکان, کارەسات بوو بۆ کورد, هەرچەندە لە فەتحی دوودا ئەنجامیان دا بەلام نەیانتوانی سەدەکە بڕوخێنن, ئەوەی ئێرانییەکان بلاویان کردەوە زۆر درۆ بوو", وەلێ فەرماندەی قەرارگای رەمەزان لە کرماشان مکوڕ دەبێت لە جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنی فەتحی 1 و لێدانی نەوتی کەرکوك, ئەوان ئەم ئۆپەراسیۆنە بە گرنگ و پارویەکی چەور دەزانن, رۆژی یەك شەمە رێکەوتی 5-10-1986 لە رێگای نوێنەرایەتی قەرارگای رەمەزانەوە لە گوندی یاخسەمەر ئەم پەیامە دەگەیەننە دەستی بەڕێز نەوشیروان مستەفا: ((مگمئن باشید دشمن متوجه نشده است. شما به خدا اعتماد کنید تردید به خود راه ندهید. بدون فوت وقت و با سرعت و دقت و قاگعیت بر تمامی اهداف حمله ببرید و قلب امام و امت و روح شهدا را شاد کنید. همه منتڤرند. مبادا که در اراده خلل ناپڑیر شما که متکی به ارادەی خداست، سستی پیش ێید.)).

**فتح یک؛ عملیات چریکی سپاه در کرکوک در سال ۶۵**

هەموو شتێك بۆ ئۆپەراسیۆنەکە ئامادەکرابوو, کاتێك شەوی 10-10-1986 هەواڵێك لە لایەن ی ن ك ەوە دەدرێت بە ئێرانییەکان کە دوژمن سەر بەرزاییەکانی گرتووەو هێزی زیاتری کۆکردۆتەوە, لەو جیگایەی بڕیار وابوو چەکەکانی لێ دامەزرێنن, بەلام ئێرانییەکان پێداگرییان کردبوو لەسەر ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکە, ئێرانییەکان دەگێڕنەوە دەڵێن کوردەکان ترسابوون.

پێی دەچێت  ی ن ك  لەسەرەتاوە خۆیان دەست پێشخەریان کردبوو بۆ ئەم چالاکییە, کەچی  لە دوو هەفتەی پێش  ئۆپەراسیۆنەکە ساردییان نواندووە بۆ ئەنجام نەدانی, وەلێ  ئێرانییەکان مکوڕ بوونە.

مجله  امتداد  ێبان 1387، شماره 34

عملیات چریکی در قلب عراق;نبرد کرکوک به روایت فرمانده عملیات

## نارەزایەتی  لەناو  ینك؟

فەرەیدون  عەبدالقاددر  لە  یاداشتەکانیدا  دەڵێت:  کە  باسی  لێدانی  بیرە نەوتەکانی کەرکوك کەوتە ناو گفتوگۆکانەوە, رۆژێکیان لە ماڵی خۆمان لە کانی مستفای چۆخماخ کۆبونەوەیەکی مەکتەبی سیاسی کرا بۆ باس لە هاوکاری لەگەڵ ئێرانداو مەسەلەی لێدانی برە نەوتەکانی کەرکووك! زۆر لایەن و ئەنجامی ئەو چالاکییە لە روی سلبی و ئیجابییەوە خرایە روو, مشتومڕی زۆری لەسەر کرا! کاك کۆسرەت , نارازی بوو, پێ باش نەبوو, چونکە پێی وابوو ئەوە کێشمان دەکات بۆ باریکە رێی پێچاو پێچی وا, کە ناتوانین بزانین کاردانەوەی سەدام حوسێن, چۆن چەند دەبێت و بە کوێ دەگات! مشت و مڕەکان گەرم و توند بوون, کۆسرەت زویر بوو چوە دەرەوە, ناچار شوێنی کەوتم و بە زۆر رازیم کرد بگەڕێتەوە بۆ ناو کۆبونەوەکە! - ل 530 هەڵۆ سورەکانی قەندیل  فەرەیدون عەبدوالقادر چاپی دووەم 2020.

ئەوکات کۆسرەت رەسول کەسێکی بەهێز بوو لەناو ینك و قسەکانی جێکەوتە بوون, پێی دەچێت نارەزایەتی توند لەناو ینك دژ بەم چالاکییە هەبووبێت, پێشبینییەکەشیان راست دەرچوو, هەرچەندە دواتر 4 تیپی سەر بە ناوچەی هژمۆنیای کۆسرەت بەشداری ئۆپەراسیۆنەکەیان کرد"93,85,86,87", وە خۆشی سەرپەرشتی فەتحی  چواری  کرد.

تەنانەت لە ئاستی خوارەوەش ناڕەزایەتی دژ بە ئەنجامدانی ئەو ئۆپەراسیۆنە هەبوو, وەلێ ناڕەزایەتییەکان نەگەیشتنە ئاستی هەڵویستی بەرەو رووبوونەوە, رێباز ئاوا باسی هەڵوێستی خۆی لەسەر ئۆپەراسیۆنەکە دەکات" سەیرێکی کاك م کرد ووتم بە ڕاستیتە لە کەرکوك دەدەین...ووتی بۆ، هەمووی دەسووتێنین عێراق بە تێپەڕی ناتوانێ ئەو خەسارەتە پڕ بکاتەوە....؟ دیسان پێم ووت ئەدی میللەتی خۆمان، باشە ئەو گوندانە، باشە خەڵکەکە، حکومەت دڕندەیە هەرچی لە دەستی بێت دەیکات....ووتی تۆ هەر دژی ئێرانی ئەگینا ئەوە کارێکی زۆر کرنگە.....ووتم ڕاستە کارێکی زۆر گرنگە بەڵام قوڕمساغانە نازانن تۆپ بەکار بهێنن، هەر عەیب دارمان دەکەن و تەنها میللەتەکەمان باری خراپی بەسەر دێ....ووتی باشە کاکە واز لەو قسە هەلەق و مەلەقانە بێنە بڕۆوە لای دەشتی هەولێر بەڵام لای کەس باسی نەکەی چونکە کەس نازانێ - قەندیل بەغدای هەژاند بەشی دووەم نووسینی ڕێباز چاپی دووەم 2008چاپخانەی پەیوەند- ل 382."

بەلام ئەم ناڕەزایەتییانە نەچووەنە باری جێبەجێکردنەوە, ناڕازییان لە بواری پراتیکدا بوونە باسکی ئۆپەراسیۆنەکان و گوێیان لە ماڵوێرانی خەڵکی کوردستان نەگرت.

**فەتحەکان؟؟**

ئۆپەراسیۆنەکانی فەتح, 10 ئۆپەراسیۆنی زنجیریەیی بوو بە هاوبەشی سوپای پاسداران لە گەڵ ینك, پدك, حیزبوڵا, دەعوە, مەجلس ئەعلا ئەنجامدران" بۆ حسك یەکلا نەبوومەتەوە, چونکە زۆربەی ئۆپەراسیۆنەکان سایدە ئێرانییەکان دیارییان نەکردووە بە هاوکاری کام لایەنی کوردی ئەنجامیان داوە", ئەم ئۆپەراسیۆنانە لە رێکەوتی 11-10-1986 لە شاری کەرکوك بە فەتحی 1 دەستی پێکرد, بە لێدانی نەوتەکەی شاری کەرکووك, بە ئۆپەراسیۆنی فەتحی 10 لە رێکەوتی 4-9-1987 لە ناوچەی سیدەکان کۆتایی هات , بە زنجیرەی فەتحەکان لە گەڵ ینك دەستپێکرا, لە گەڵ

حیزبوڵا و مەجلس ئەعلا كۆتایی پێهات, كۆی گشتی ئۆپەراسیۆنەكانی فەتح 328 رۆژ بەردەوام بووە.

فەتحی دوو لە ناوچەی دوكان, بەناو وێرانكردنی دامەزراوەكانی سەدی دوكان لە رێكەوتی 25-11-1986 لە لایەن ینك و ئێرانەوە ئەنجامدرا .

ئۆپەراسیۆمی فەتحی سێ لە رێكەوتی 30-10-1986 ئەنجامدرا, لە 300 كیلۆمەتری خاكی عێراق لە ناوچەی زاخۆ, پەلاماری بارەگای لەشكری 38 و گەراجی گواستنەوەی نەوتی زاخۆ, بە هاوكاری پارتی ئەنجامدرا.

ئۆپەراسیۆنی فەتحی چوار لە رێكەوتی 11-2-1987 ئەنجامدرا لە ناوچەی رەواندز- دیانا, لە قولایی 70 كیلۆمەتری عێراق, ئۆپەراسیۆنەكە بریتی بوو لە پەلاماردانی بارەگاكانی سوپای عێراق لە خەلیفان, رەواندز و سدیق, ناوەندی پۆلیس و كارەبای رەواندز و مایكرۆییەكەی چیای كۆڕەك.

رێباز ئاوا باسی ئەم ئۆپەراسیۆنە دەكات"بڕیاردرا شەوی دە لەسەر یانزەی شوباتی 1987چالاكی گرتنی چیای كۆڕەك و فەوجی ئاكۆیان و ڕەبیەكانی دەوروبەر ئەنجام بدرێ بەیانی هەموو كەسێك وای پێشبینی دەكرد كە دوا بخرێ لە بەر بەفرو باران.

ئێرانییەكان پێیان داگرت بیرم كردەو ووتم خۆتان ماندوو مەكەن ئەوان نیازیان نییە هیچ بكەن تەنیا مەبەستیان ئەوەیە لە یادی سەركەوتنی شۆڕشی ئێران چالاكییەك بكەن. چەند تۆپێكیان لە كوڕەك گرت بەڵام هیچی شوێنی خۆی نەپێكا. ل398.قەندیل بەغدای هەژاند بەشی دووەم نووسینی ڕێباز چاپی دووەم 2008چاپخانەی پەیوەند." كەچی مام غەفور لە یاداشتەكانیدا لە ل 258 بۆ 260 وا باسی ئەم چالاكییە دەكات ئێرانی تێدا نەبێت و ئۆپەراسیۆنێك نەبێت لە یادی شۆڕشی بەناو كۆماری ئیسلامی ئێران, هاوكات بەشداری فەتحی یەكیشی كردووە لە كرداردا, وەلێ لە یاداشتەكەی ئاماژەی پێ نەداوە؟, لە بیرەوەرییەكانی لەوەتەی هەم پێشمەرگەم ئاماژەی پێ نەداوە."

ئۆپەراسیۆنی فەتحی پێنج لە رێکەوتی 14-4-1987 ئەنجامدرا, لە ناوچەی چوارتا و ماوەت, هاوکات لە گەڵ ئۆپەراسیۆنی کەربەلای10 ئەنجامدرا.

ئۆپەراسیۆنی فەتحی شەش لە رێکەوتی 17-6-1987 ئەنجامدرا, پارتی و حیزبوالڵە و حیزبی دەعوە ,لە ناوچەی میرگەسور -دیانا ئەنجامیان داق.

ئۆپەراسیۆنی فەتحی حەوت لە رێکەوتی 28-6-1987 ئەنجامدرا, بە دروشمی یا فاتیمە زەهرا لە ناوچەی سەید سادق و شانەدەری و هەڵەبجە و کانی پانکە, شاری سەید سادق دەستی بەسەردا گیرا بۆ ماوەی 4 کاتژمێر ,پارتی و ئێران پێکەوە ئەنجامیان دا.

ئۆپەراسیۆنی فەتحی هەشت لە رێکەوتی 19-7-1987 ئەنجامدرا ,لە ناوچەی ئەتروشی شاری دهۆك, بە بەشداری یەكێتی نیشتمانی كوردستان بەڕێوە چوو .

ئۆپەراسیۆنی فەتحی نۆ لە رێکەوتی 31-7-1987ئەنجامدرا, لە ناوچەی سەید سادق هەڵەبجە خورماڵ, بە دروشمی یا رەسوالڵە, بۆ ماوەی پێنج رۆژ بەردەوام بوو.

ئۆپەراسیۆنی فەتحی دە لە رێکەوتی 4-9- 1987 ئەنجامدرا, لە ناوچەی سیدەکان بەڕێوە چوو, بە دروشمی یا ئەبا عەبدولا حوسێن, حیزبوالڵە و مەجلس ئەعلا هاوکاری ئێران بوون .

**فەتحی یەك گەورەترین کاری هاوبەش**

ئێرانیەکان پێیان وایە ئۆپەراسیۆنی فەتحی یەك گەورەترین سەکۆی هاوکاری نێوان قەرارگای ڕەمەزان و یەكێتی نیشتمانی كوردستان بوو تا ئەو ڕۆژەی ئەنجامدرا لە رێکەوتی 11-10-1987, تەنانەت لە گەڵ هەموو هێزەکان, وە کاریگەرترینی ناو فەتحەکانیش بوو .

بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە هاوبەشە, دوو یەکەی سوپای پاسدارانی ئیسلامی دزەیان کردە باکوور و باشووری کەرکوك و بە کەڵك وەرگرتن لە ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

https://www.isna.ir/news/97072011106/%D9%85%D8%B1%D9%88%D8%B1%DB%8C-%D8%A8%D8%B1%D8%B9%D9%85%D9%84%DB%8C%D8%A7%D8%AA-%D9%81%D8%AA%D8%AD-%DB%B1

ئەوان باوەڕیان وایە کە سوپای پاسداران ماوەیەکی زۆرە لەگەڵ گرووپە نەیارەکانی بەعس لە کوردستانی عێراق هاوکاری کردبوو بۆ دامەزراندنی پێگە لە باکووری عێراق. پێش ئەمە ئۆپەراسیۆنی هاوبەش ئەنجامدرابوو، بەڵام دەکرێت ئۆپەراسیۆنی فەتح ١ بە گرنگترین هاوکاری نێوان هەردوولا هەژمار بکرێت.

http://www.aviny.com/occasion/enghelab_jang/defaemoghaddas/93/amaliat/zamini/fath-1/fath.aspx

ڕێکەوتنی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ لایەنەکانی دژبەری ڕژێمی بەعس، وەك یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئایەتوڵڵا حەکیم و... . .، بووە هۆی زیادبوونی چالاکی هەواڵگری قەرارگای ڕەمەزان لە کوردستانی عێراق و داڕشتنی زنجیرەیەك ئۆپەراسیۆنی فەتح و هاوبەشی دیکە. ئەم هاوکاری و پەیوەندییە هاوبەشە زەمینەسازی بۆ دروستکردنی بنکەیەکی تاکتیکی لە قووڵایی خاکی عێراق دانا، لە ناوچەیەکدا کە سوپای عێراق بە ناوچەیەکی ئەمنی دەزانی، تا ٢٠٠ کیلۆمەتر لە قووڵایی خاکی عێراق .

لە کۆتاییدا بارەگای ناوەندی خاتەم ئەلئەنبیا بەرپرسە سەرەکییەکانی ئەو وڵاتە ڕێککەوتن لەسەر ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سنوور بەزاندن لە لایەن قەرارگای ڕەمەزانەوە" واتا هەموو ئۆپەراسیۆنەکان لە لایەن قەرارگای ڕەمەزانەوە سەرپەرشتی کراون" بە دوو مەرج, یەکەم: ئەم ئۆپەراسیۆنانە لە شێوەی زنجیرەیەك ئۆپەراسیۆنی فەتحدا ئەنجام بدرێن, دووەم: لایەنە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق ئاسایشی ئەو ناوچانە مسۆگەر بکەن کە چەکدارانی ئێرانی تێدا ئامادە دەبن.عملیات فتح ۱؛ عملیاتی در عمق خاک عراق

نەوشیروان مستەفا سەبارەت بە ئەنجامی نەخشەکان دەڵێت"پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لەسەر نەخشەی عەسکەری و لەسەر ئەرزی چالاکیەکە و پاش گفتوگۆی زۆر دورو درێژی بەرپرسەکانی یەکێتی و ئێران، ئێرانیەکان پلانەکەیان بەوە ساخ کردەوە کە چەند هاوەنێکی12ملم و چەند کاتیۆشایەك ببرێتە نزیك مەیدانی دەرهێنانی نەوتەکەو بەو ئاگر باران بکرێ وتێك بدرێ. هەمان سەرچاوەی پێشوو - ل 108."

ڕێباز ئاوا باسی چۆنیەتی نەخشە داڕشتنی چالاکییەکە دەکات"لە سەرەتای مانگی هەشتی 1986بە بروسکە ئاگادار ی من و کاك سەفینیان کرد بچین بۆ سنووری تیپی 21ی کەرکوك بۆ ناوچەی شێخ بزێنی دیار بوو کاك سەفین نەهات، من بە بە تەنیا پەڕیمەوە لەگەڵ سەیارەیەکی تیپی 21ی کەرکوك چوینە لای کاك کۆسرەت و کاك عەلی بچکۆل کە سەیرم کرد شەش پاسداریش لەوێ بوون پاش نان خواردن کاك کۆسرەت بە درێژی قسەی لەگەڵ کردم. لەگەڵ پاسدارەکان بەڕێکەوتین ئێوارە لە گوندی بیناتی نانمان خوارد درەنگی شەو لە چیای کانی دومبەڵان ئاودیو بووین چوینە نزیك کۆمپانیای نەوتی کەرکوك بە جیهازێکی مۆدێرن وێنەیان گرت، زۆر شوێنێکی خەتەر بوو هیچ ڕەبییەکی دوژمن 30مەتر نێوانیان زیاتر نەبوو شەوێ درەنگ لە کەلۆر لە دەرەوەی گوندەکە نان و ماستاومان خوارد بەیانی هاتینەوە شێخ بزێنی کە بۆم ساغ بۆوە ئەوە نەخشەی لێدانی کەرکوکە لە گەڵ برایەکی هاوسەنگەرو خۆشەویستم ئەم قسانەم کرد. هەمان سەرچاوەی پێشوو ل382.

## قازانجی کۆماری ئیسلامی ئێران

ئێرانییەکان پێیان وایەو فەتحی یەکەم گەورەترین شەڕی پارتیزانی بوو لە جیهاندا, هاوکات سەرکەوتنی گەورە بوو بە بێ زیان, لەو کارە سەربازییە کە هەرایەکی زۆری نایەوە لە راستیدا زیانەکان وا نەبوون, تەنها 3 بریندار هەبوو لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە و بەلام پێشمەرگە بەشداربووەکان باس لەوە دەکەن ئێرانییەکان تەنها چەند کەسێکیان بە ماتۆڕەوە بەشداریان

کردووە, هەڵاو هات و هاوارەکەیان هەموو درۆ بووەو تەنها بۆ ماڵوێرانی کورد بوو .

دوای گرتنی فاو لە لایەن ئێرانەوە, عێراق لە دامودەزگا نەوتییەکانی ئێرانیدا, وەك ستراتیجیەتی نوێ لە جەنگدا. لێدانی نەوتی کەرکوك وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەوە, ئێران دەیەویست لانی کەم عێراق دوو سوپا بهێنێتەوە بۆ کوردستان, واتا ئێرانییەکان بەم چالاکییە بە بەردێك دوو چۆلەکەیان دەکوشت, لە لایەکەوە لێدانی شادەماری ئابووری عێراق, وە هاتنەوەی سوپا بۆ کوردستان ئەمەش ماڵوێرانی بوو بۆ خەڵکی کوردستان وە سوك کردنی بەرەی جەنگ بوو بۆ ئێرانییەکان.

مجله امتداد ێبان 1387، شماره 34

عملیات چریکی در قلب عراق;نبرد کرکوک به روایت فرمانده عملیات

لە لایەکی ترەوە کاتی ئۆپەراسیۆنەکە بە قازانجی کۆماری ئیسلامی و بازاڕی نەوت بوو"هەرچی ئێرانیش بو، لەم چالاکیەو ، لەم هەراو هوریا ئیعلامیە مەبەستێکی سیاسی هەبو. لەو کاتەدا کۆبونەوەی ئۆپێك هەبو ، ئەیەویست هەندێ لە داواکانی خۆی بسەپێنێ بەوەی تێیان بگەیەنێ هەر کات بیەوێ ئەتوانێ زەرەر لە نەوت عێراق بداو، بەوە پشێوی بخاتە بازاڕی جیهانیی نەوتەوە. خولانەوە لەناو بازنەدا دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق1984-1988 نەوشیروان مستەفا ئەمین چاپی دووەم 1999ل112."

**فەتحی یەك لای ئێرانییەکان**

بە پێی سەرچاوە ئێرانییەکان ئۆپەراسیۆنی فەتحی یەك یان ئۆپەراسیۆنی یەککگرتن, بە فەرماندەیی سوپای پاسداران بەڕێوە چوو, دوو ڕۆژی خایاند, 11 و 12ی ئۆکتۆبەری ساڵی 198. بە پێی ڕاگەیاندنەکانی ئێرانی تیایدا نزیك 600 کەس لە هێزەکانی عێراقی کوژرا.

https://fa.wikipedia.org/wiki/%D8%B9%D9%85%D9%84%DB%8C%D8%A7%D8%AA_%D9%81%D8%AA%D8%AD_%DB%B1

فەرماندە و سەركردەكانی ئۆپەراسیۆنەكە بریتی بوو لە یەحیا ڕەحیم سەفەوی (جێگری فەرماندەی سوپای پاسداران) محەمەد-باقر زۆڵقادر (فەرماندەی ئۆپەراسیۆنی سوپای پاسداران), جەلال تاڵەبانی (سەرۆكی یەكێتی) و نەوشیروان مستەفا (فەرماندەی پێشمەرگەی ئۆپەراسیۆن), ئامانجی سەرەكی ئۆپەراسیۆنەكە لێدانی نەوتی كەركوك بووە, 130 چەكداری قەرارگای رەمەزان و 2000 پێشمەرگەی ینك " 13 تیپی ینك ,21,23, 25, 51, 53, 55, 57, 93,85, 86, 87- تیپی مەڵبەندی یەك و دوو.

https://en.wikipedia.org/wiki/Operation_Fath_1"

كارەكەیان ئەنجامدا لە قوڵایی 180 كم ی ناو خاكی عێراق.

بە پێی دابەشكاری و ناونانی بەرەكان لای كۆماری ئیسلامی ئێران, ئۆپەراسیۆنەكە لەدوو بەرە پێك هاتووە, بەدر ناوی بەرەی شوان-ساڵەیی كەركووك, بەرەی خەندەق ناوی بەرەی جەبەل بۆر- جەمبور بووە, دوو قۆڵ لە جەمبورو جەبەڵ بۆر, 3 قۆڵیش لە بان ساڵەیی - شوان تا مەخمور و هەولێر كەركووك. ئیشكردن بە راجیمەو هاوەنی 120 ملم و چەكە قورسەكان دیكە بە پاسدارەكان سپێردراوە, كە تیایدا 4 راجیمە, 3 هاوەنی 120 ملم بەكار هاتوون, 2000 گولە نراوە بە هێزەكانی عێراقەوە, گرتنی رەبایەكانی كانی دومەلان كەركوك و نانەوەی بۆسە بە پێشمەرگەی ینك سپێردراوە.

لە قۆڵی شوان - ساڵەیی تۆپەكان لە نێوان گوندەكانی سۆنە گۆلی و سەقزلی داندران, تەنها رەسەدەكانی ئێرانی بوون, بەشی زۆری تیپەكانی پێشمەرگە یەدەك بوون, تەنها چەند تیپێك بە پراتیك بەشدار بوون لە ئۆپەراسیۆنەكە.

ئۆپەراسیۆنەكە كەركوك, پردێ, دوز و قادر كەرەم مەخمور, دیبەگە و هەولێری گرتۆتەوە, سەرباری رێگای هاتنی چەك و كەسەكان, ئۆپەراسیۆنەكە بە دروشمی زەینەبی گەورە دەستی پێكردووە, لێ پێش 48 كاتژمێر هەندێك هێز نێردراوەتە ناوچەی ئۆپەراسیۆنەكان بۆ چاودێریكردنی بارودۆخەكە.

به پێی ڕاگەیاندنەکانی ئێرانی لە میانی ئۆپەراسیۆنەکە لە14 ناوەند دراوە لەوانە " پاڵاوگەی کەرکوك, یەکەی ژمارە یەکی دەرهێنانی نەوت, وێستگەی کارەبای بەشێك لە شار, لێدانی بنکەی 3 موشەکی زەوی ئاسمان, لێدانی ڕێکخراوی موجاهدینی خەلقی ئێران لە قەڵای حەسار, غازو نەوتی جەمبور وە جەبەل بۆرو شۆراو, لێدانی بارەگای فەیلەقی یەك و سەربازگەی دارەمان, لێدانی ئەرێلی سیخوڕی گوندی سەقزلی, وە گرتنی 20 ڕەبایە لە لایەن پێشمەرگەکانی ینك لە کانی دومەلان, لێدانی وێستگەی شەمەندەفەری کەرکوك, لێدانی سینی مایکروەیفی تەلەفزیۆنی, لێدانی چەند ناوەندێکی سەربازی دی."

[https://www.iribnews.ir/fa/news/2855677/%D9%81%D8%AA%D8%AD-%DB%8C%DA%A9-%D8%B9%D9%85%D9%84%DB%8C%D8%A7%D8%AA-%DA%86%D8%B1%DB%8C%DA%A9%DB%8C-%D8%B3%D9%BE%D8%A7%D9%87-%D8%AF%D8%B1-%DA%A9%D8%B1%DA%A9%D9%88%DA%A9-%D8%AF%D8%B1-%D8%B3%D8%A7%D9%84-%DB%B6%DB%B5](https://www.iribnews.ir/fa/news/2855677/%D9%81%D8%AA%D8%AD-%DB%8C%DA%A9-%D8%B9%D9%85%D9%84%DB%8C%D8%A7%D8%AA-%DA%86%D8%B1%DB%8C%DA%A9%DB%8C-%D8%B3%D9%BE%D8%A7%D9%87-%D8%AF%D8%B1-%DA%A9%D8%B1%DA%A9%D9%88%DA%A9-%D8%AF%D8%B1-%D8%B3%D8%A7%D9%84-%DB%B6%DB%B5)

هاوکات به پێی ڕاگەیاندنەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە میانی ئۆپەراسیۆنەکە کۆپتەرێکی دوژمن خراوەتە خوارەوە-

[http://birjand.irib.ir/-/%D8%B9%D9%85%D9%84%DB%8C%D8%A7%D8%AA-%D9%81%D8%AA-24](http://birjand.irib.ir/-/%D8%B9%D9%85%D9%84%DB%8C%D8%A7%D8%AA-%D9%81%D8%AA-24)

لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنی لێدانی نەوتی کەرکوك 60%ی تواناى بەرهەمی نەوتی کەرکوکی لەناودراوە -

[https://www.tasnimnews.com/fa/news/1396/07/19/1542818/%D8%B9%D9%85%D9%84%DB%8C%D8%A7%D8%AA-%D9%88%DB%8C%DA%98%D9%87-%D9%86%DB%8C%D8%B1%D9%88%D9%87%D8%A7%DB%8C-%D8%B3%D9%BE%D8%A7%D9%87-%D8%AF%D8%B1-%D8%B9%D9%85%D9%82-%D8%AE%D8%A7%DA%A9-%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82-%D8%A8%D8%A7-%D9%87%D9%85%DA%A9%D8%A7%D8%B1%DB%8C-%D8%AC%D9%84%D8%A7%D9%84-%D8%B7%D8%A7%D9%84%D8%A8%D8%A7%D9%86%DB%8C-%D9%86%D9%82%D8%B4%D9%87-%D9%88-%D8%AA%D8%B5%D8%A7%D9%88%DB%8C%D8%B1](https://www.tasnimnews.com/fa/news/1396/07/19/1542818/%D8%B9%D9%85%D9%84%DB%8C%D8%A7%D8%AA-%D9%88%DB%8C%DA%98%D9%87-%D9%86%DB%8C%D8%B1%D9%88%D9%87%D8%A7%DB%8C-%D8%B3%D9%BE%D8%A7%D9%87-%D8%AF%D8%B1-%D8%B9%D9%85%D9%82-%D8%AE%D8%A7%DA%A9-%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82-%D8%A8%D8%A7-%D9%87%D9%85%DA%A9%D8%A7%D8%B1%DB%8C-%D8%AC%D9%84%D8%A7%D9%84-%D8%B7%D8%A7%D9%84%D8%A8%D8%A7%D9%86%DB%8C-%D9%86%D9%82%D8%B4%D9%87-%D9%88-%D8%AA%D8%B5%D8%A7%D9%88%DB%8C%D8%B1)

ئۆپەراسیۆنەکە  بە یەك شەو ئەنجامدراوە, کۆتایی کاتەکانی شەوی 11ی مانگ و سەرەتای شەوی 12ی مانگ , لێ کە کۆماری ئیسلامی ئێران رایدەگەیەنێت دوو رۆژ بەردەوام بووە, بەو مانایەیە ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوان و کۆنترۆڵی ناوچەکەیان کردووەو لە شوێنی ئۆپەراسیۆنەکە ماونەتەوە ئەو ماوەیە, نەك تەنها 3:30 کاتژمێر بەردەوام بوویێت و دواتر بە پەلە هەڵهاتبێتن, تەنانەت بڕیاریان دا ئەگەر چەکەکانیان پێ دەرباز نەکرا بەجێیان بهێڵن, چونکە دنیا بەرەو روناك بونەوە دەچوو, ئۆپەراسیۆنەکە تا کاتژمێری 5:30 ی بەیانی رۆژی 12 ی مانگ بەردەوام بووە , مانەوە لەو جێگایە مەرگی هەمووان بووە  .

**ئۆپەراسیۆنی فەتحی یەك لای ینك**

کۆماری ئیسلامی ئێران بێ مانا ئۆپەراسیۆنەکەو ئەنجامەکانی گەورە کردەوە, کە ئەمەش کاریگەری هەبوو لە هەمبەر کاردانەوەی رژێمی عێراق و سزادانی هەموو گەلی کورددا, ئەگەر لە ئۆپەراسیۆنی فەجری دوو" حاجی ئۆمەران ئێران -پارتی" تەنها بارزانییەکان بە دڕندانەترین شێوە سزا دران, ئێستا هەموو کوردستان کەوتە بەر لێپرسینەوەو سەرەتا گوندەکانی شوان -سالەیی دەشتی هەولێر و قەلاسێوکا, بزانین بەرپرسانی ینك چۆن باسی ئەم روداوە دەگێڕنەوە, هەرچەندە سەرۆکی ینك لە یاداوەرییەکانی باسی هیچ روداوێکی تاڵ  ناکات, کە راستەوخۆ گرێدراون بە خۆیەوە.

بەڕێز نەوشیروان مستەفا ئاوا باسی ئۆپەراسیۆنەکە دەکات"پلانەکە بەم جۆرەی خوارەوە دانرا:

-1هێزێك بە سەرکردایەتی شەوکەتی حاجی موشیر ئاگر بارانی زەمبور بکەن.

-2 هێزێکی تر بە سەرکردایەتی ئازاد حەمە غەریب ئاگر باران جەبەڵ بۆر بکەن.

-3 هێزێكی تر كە هێزی سەرەكی و هەرە گەورەی یەكێتی بو، بە سەر پەرشتی خۆم، ئاگر بارانی بابەگوڕ گوڕ بكەن.

-3 هاوزەمان لەگەڵ دەستپێكردنی ئەم 3هێرشەدا ، پەلاماری داوودەزگاكانی بەعس لەناو چەندین شارو ئۆردوگا و شوێنی دیاردا بدری. سەرچاوەی پێشوو ل 108-109."

"كاتی جێبەجێكردن دیاری كرا. ئازادو شەوكەت هەریەكەیان بەشی خۆی بە شەو لە لۆری باركردو بە دابان دا بردیان بۆ خڕی زێویە و پەڕاندیانەوە نزیك شوێنی كارەكانی خۆیان. ئێمەیش بەشی خۆمان، كە لە هی هەردوكیان زۆرتر بو، بە 32 تراكتۆرو 4 لۆری لە خڕی زێویە و گردەبۆرەوە گوزایەوە كەڵەشێرەو ڕۆژی دوایی بردمانە گوندی مۆڕخواردە دانا. دوری مۆڕخواردە لە كەركوكەوە لە 40كلم كەمتربو. سەرچاوەی پێشوو ل 109."

"ئینجا تاقم تاقم هێزەكانمان بەڕێ كرد هەریەكەیان بۆ ئەنجامدانی كارەكەی خۆی و ، ئێمەیش ئێوارەكەی سەركەوتینە سەر خاڵخاڵان بۆ ئەوەی لە دورەوە سەرپەرشتی ڕوداوەكان بكەین. لە سەعات 12ی نیوەشەودا ئاگاداری هەمو قۆڵەكان كرا: (چرا هەڵكەن!)كە نیشانەی دەست پێكردن بو. سەرچاوەی پێشوو ل 109."

ڕێباز باسی رۆڵی هێزەكانی ینك لە هەولێر دەكات لە ئۆپەراسیۆنەكە" بۆ ئەوەی دوژمن نەتوانێ لە كاتی ئەنجامدان ئەو چالاكیە مەزنە هێز بە هاناێ كەركوك بنێرێت بە تایبەتی هێزەكانی فەیلەقی پێنج كە بارەگای لە هەولێر بوو باقی تیپەكانی 85,86,87,91 بۆ مشاغەلە كردنی هێزەكانی دوژمن تەرخان كرا. ڕۆژی 9- 10 كاك كۆسرەت گەیشتە لامان لە گوندی بانە قەڵات ئەو هێزانەمان دابەش كرد بۆ مشاغەڵە كردنی هێزەكانی ڕژێم بۆ ئەو شوێنانە: 1-گوێڕ 2-دیبەگە 3-قوشتەپە 4-ناو هەولێر."

"پاش نان خواردنی ئێوارە چوینە سەر دێدەوان هەموو شوێنێك دیار بوو، ئاگری نەوتی كەركوك بڵێسەی هەڵدەستا، دنیا كش و مات بوو تا كاتژمێر 1ی بەیانی ڕۆژی 10-10لە هەموو لایەك تەقە دەستی پێكرد، تۆپەكان كەوتنە كار پاش ماوەیەك، ئاگر شەریكەی كەركوك كوژایەو، هاوزەمان

لەگەڵ دەست پێکردنی تۆپ باران فڕۆکەکانی شەڕکەر و کۆپتەر بە ئاسمانی ناوچەکە دەسوڕانەوە بە تەنویر ناوچەکەیان ڕووناك کردەوە چەند کاتژمێرێك، تۆپ باران بەردەوام بوو پاش ئەو ماوەیە دنیا کش و مات بوو، ئاگر لە شەریکە هەڵنەستا کەواتە چالاکیەکە وەك پێویست سەرکەوتوو نەبوو. سەرچاوەی پێشوو ل388 ."

**راستی زیانەکان عێراق لە ئۆپەراسیۆنەکە**

ئەو 3:30 کاتژمێرەی 11 لەسەر 12ی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی 1986 ئۆپەراسیۆنەکەی تێدا ئەنجامدرا, هاولاتیانی کەرکوك هەموو بڵاچەی ئاگرەکەیان بینی, دەنگی راجیمەو هاوەنەکان بیسترا, شریقەی بیکەی سی هات, خرمژنی گولە چوو بە ئاسمانا, وەلێ جگە لەو زیانانەی پێشمەرگەی ینك لە گرتنی زنجیرە رەبایەکان لە کوردە میلەوە بۆ سەر خاسە و دانانی بۆسە لە کەلی سێکانی لە لایەن پ م کەرتی یەکی ساڵەییەوە کە 20بۆ 30 سەربازی عێراقی تێدا کوژران, لێدانەکان دی هەموو رەمزی بوو, ئەویش سێ شەهیدیان بۆی داو یەکێك لە رەبایەکانیان لەسەر خاسەیان بۆ نەگیرا, لە ئەرێلەکەی سەقزلی هەر نەدرا, لەو سەربازگەیەی کە موجاهدینی تێدا بوو, چەند گولەیەکی پێوە نرا بەلام کاریگەری نەبوو بێ زیان بوو, هەرچەندە ئێرانییەکان کردیانە هەرا گوایە بارەگای مونافقینیان وێران کردووە و کۆتاییان پیچیان هێناوە, ئەوەی وتیان درۆ بوو, دوو سێ شوێنێك لە کۆمپانیای نەوت گڕی گرت بەڵام زوو چارەسەر کرا, شەوی دواتر واتا 12ی ئۆکتۆبەر رۆشنایی ئاگرلە ئاسمانی کەرکووك هەر نەما, تەنانەت شەوی یەکەم زۆریەی ئاگرەکە کۆنترۆڵ کران, ژمارەی کوژراوەکانیش لە 600 کەسەکەی دیاریکراوە, سفری کۆتایی زۆر بە زێدەوە زیادە, کەمتر لە 50 کوژراو هەبوو, پێشمەرگەیەك بەشداربوو گێڕایەوە ئەگەر زیانەکانی عێراق هەموو ئاوا ئێران سەرژمێرییان بکات دەبڕی ئەوەیە هیچی نەکردووە, ئەوەندە درۆی کرد لە فەتحی یەك باوەڕ بە هەڵاکانی نەما.

پێشمەرگە دوای چالاکییەکە بە دوو ئاراستە پاشەکشەیان کرد, ناو شوان تۆمار و گورگان و دەشتی هەولێر شەیتان و سێگردکان. لە کاتی هێرشی دەیان کۆپتەر بۆ سەر گوندی شەیتان لە دەشتی هەولێر, کاکۆ پەڵکانەیی گولەی ئار پیجی پێیدا تەقییەوە گیانی بەخت کرد.

فەرماندەکانی ئۆپەراسیۆن لە بان خاڵخالانەوە بە دووری نزیك 50 کیلۆمەتر بە دووربین و بێتەل چاودێری و سەرکردایەتی ئۆپەراسیۆنەکەیان دەکرد, رۆژی دواتر گەیشتنە سور قاوشان, دەیان هەزار کەس و سەدان پێشمەرگەیان لە دوای خۆیانەوە لەو دەشت و هەڵەتانەی کەرکوك لە رۆژێکی زۆر مەترسیداردا جێ هێشت بۆ بەعسی فاشیست, بۆ خۆشیان رۆژێکی ئارامیان لە چەمی رێزان بردە سەر.

**مەحمود سەنگاوی ئاوا باسی قۆڵی جەبەڵ بۆر- جەمبور دەکات**

مەحمود سەنگاوی وەك سەرتیپی 57 سەگرمەو بەشدارێکی چالاکی ئۆپەراسیۆنەکە, لە یاداشتەکانیدا ئاوا, چالاکی ئەو شەوە دەگێڕێتەوە" رۆژی 6-10-1986لە لایەن مەڵبەندەوە ئاگادار کراینەوە کۆببینەوە بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکی گەورە, بۆ ئەم مەبەستە چوومە دێی مێولی و سەردانی کاك ئازاد سەگرمەم کردو ئەو لە سەرکردایەتی گەڕابوەوە, لە شێوەو شوێنی چالاکییەکە ئاگاداری کردمەوە کە هەندێك لە ئەرکەکان بەو سپێردرابوو.

لە سەرکردایەتییەوە تەقەمەنییەك زۆر بە تراکتۆر گوێزرابووەوە سنووری تیپی 25ی خاڵخالان, بەشەکەی مەڵبەندی یەك بە سەرپەرشتی کاك عادل شکور و مام ساڵەح گۆڕی ئەسپی لە بەری هەمەوەند لە لایەن کاك رۆستەم و کاك حەمەڕەش بۆ سنووری تیپی 57ی سەگرمە گوێزرایەوە, هەندێ پسپۆڕی ئێرانیش درایە دەستمان.

رۆژی 8-10-1986 گەیشتینە قەیتول و هەڕێنە, چاوەڕوانی گەیشتنی چەکەکان بووین, لە شوێنێکدا پسپۆڕەکانمان دانا, خۆمان چووین بۆ ناوچەی

هەمەوەند, رۆژی 10-10-1986لە دێی خاڵدان چاومان بە کاك شەوکەت و کاك رۆستەم و مام ساڵەح گۆڕی ئەسپی کەوت.

ئێمە چاوەڕوان نەبووین ئەوکارە بە پەلە ئەنجام بدرێ, کەچی کاتژمێری چواری پاش نیوەڕۆ لە لایەن کاك نەوشیروانەوە برووسکەمان بۆ کرا کە هەر ئەمشەو ئەبێ چالاکییەك بکرێ, کاك شەوکەت داوای دواخستنی کرد چونکە هێزەکانی مەڵبەندی یەك فریاناکەون, بەڵام کاك نەوشیروان وەڵامی دایەوە: ئەبێت هەر ئەمشەو ئەنجام بدرێ ئەگەر ئەمشەو نەکرێ دیارە ناتانەوێ ئەنجامی بدەن.

من بە کاك شەوکەتم وت: کام لامان پێ ئەسپێرن ئەنجامی ئەدەین, ئەو ئەمەی زۆر پێ چاك بوو, بەشی خۆمان چەك و تەقەمەنیمان جیاکردەوە کە بریتی بوو لە دوانزە تەن قومبەلەی 120 ملم و یەك کاتیۆشای 12 دانەیی, کاتژمێر 5ی ئێوارە کە دنیا تاریك بوو, لە خاڵدانەوە چووینە قەیتوول, لەوێ کاتیۆشاکەم تەسلیمی دەستی کاك دلێر جاف و حاجی حەبیبی تۆپچی کرد کە بچینە دێی تۆپخانەی زەمبوور لەوێ دابمەزرێن تاکو هەموو هێزەکە ئەگات. ئەوان رۆیشتن و ئێمەش بە دوایانا, زۆر درەنگ بوو کاتژمێر 3ی شەو لەو شوێنەی دیاریکرابوو دەستمان کردە لێدانی کۆمپانیای نەوتی زەمبوور بۆ ماوەی یەك کاتژمێر, گڕو بڵێسە لە نەوتەکە بەرز بوەوە و بەری ئاسمانی گرت و ئەو ناوەی کردە رۆژی روناك. هەموو نیشانەکانمان بە باشی پێکاو بە بەرچاومانەوە ئەسووتان, دوژمن لای خۆیەوە بە چەکە دژی ئاسمانییەکانی ناوجەرگەی ئاسمانی سوور کردەوە .

زیانەکانی دوژمن لەو قۆڵەوە بە 70% مەزەندە دەکرا دوای ئەنجامدانی کارەکە خۆمان کۆکردەوەو بە دوانزە ئۆتۆمۆبێل گەڕاینەوە, لەو کاتەدا هەندێك فڕۆکەی گەورەی دوژمن هاتنە سەرمان بۆ لێدانمان, بەڵام پێش ئەوەی بێینە دەست فڕۆکەیەکیان لە خۆیەوە بەر بووە خوارەوەو گڕی گرت و سووتا بێ ئەوەی تەقەی لێبکرێ. لە گەڕانەوەماندا لاماندایە دێی قیرچە زۆر ماندوو بووین, چووینە ماڵێك لە گەڵ پسپۆرێکی ئێرانیدا کە لە گەڵماندا بوون, تەماشا ئەکەین وێنەی هایدەو مەهەستی کە دوو گۆرانیبێژی ئێرانین بە نیوە رووتی هەڵواسرابوو, ئێرانییەکان ئەیان روانییە وێنەکان و سەریان با دەداو ئینجا یەکێکیان ووتی: ئەمە وێنە قاحپەکان ئێمەن لە هەموو دنیادا

بڵاو بوونەتەوە.. هەرچەندە من لە گەڵ ئەو قسەیەدا نەبووم, مەرج نییە ئەو قسەیەیان لە ناخەوە کردبێ .

ئەم چالاکییەی ئێمە بەشێکی بچووکی داستانێکی گەورە بووبەناوی داستانی نەوتی کەرکوك کە کارە سەرەکییەکەی لە قوڵی کەرکوکەوە بوو, بە هێزێکی زۆرەوە بە پێی نەخشەیەکی گونجاو تۆپبارانی خەستی جەوەڵ بۆرو کەیوان کرا, بڕی چل تەن تەقەمەنی قورسی لێدرا, لە چەند لایەکیشەوە پەلاماری هێزەکانی دوژمن درا, بۆسەیان بۆ دانرابوو, زیانێکی زۆر لە دوژمن کەوت لە رووی ئابوورییەوە کە بە تەقدیر 30% بوو, جگە لەوە لە رووی سەربازییەوە هێزێکی زۆری لە پێکدادانەکەدا کوژران.

ئەم چالاکییە دەنگێکی زۆری دایەوە و بەعسی شپرزە کرد, چونکە چالاکییەکە زۆر گەورەو کەم وێنەو لە قوڵایی دەسەلاتی پڕ لە دڕك و داڵی تەنراو بە هێزی سوپایی متمانە پێکراو ئەنجامدرا بێ ئەوەی دوژمن هەست بە هیچ جۆرە جمووجۆڵێکی چەك و تەقەمەنی گواستنەوەو هەڵس و کەوتی هێزی پێشمەرگە بکات بۆ ئەو سنوورە دوورو گرنگە.

یەکەم دەنگ و باسی ئەو چالاکییە لە رادیۆی تارانەوە بڵاوکرایەوە و دەوری ی ن ك ی فەرامۆشکردو شتەکەی کردە هی خۆیان کە لە حەقیقەتدا وانەبوو نەخشەو هێزی سەرەکی ئەنجامدەری چالاکییەکە ی ن ك بوو, پسپۆرەکان هی ئێران بوونو بۆیە نارەزایەتی ئاراستەی ئێران کرا, ئەوەبوو لە دەنگ و باسی داهاتوودا دارشتەی راگەیاندنەکە گۆراو دەوری ی ن ك تیا باسکرا -بیرەوەرییەکانی سەنگاوی , مەحمود سەنگاوی,چاپی دووەم -2005 چاپخانەی: دەزگای چەپ و پەخشی حەمدی ل189-192.

ئەو فڕۆکەیەی بە رێکەوت کەوتە خوارەوە, وەك ئاماژەمان پێدا پێشتر, لە راگەیاندنەکانی ئێران وەك بە بەشێك لە چالاکییەکە دراوەتە قەڵەم.

**لەم ئۆپەراسیۆنانە ئێران هەمیشە بەدوای نەیارانییەوە بووە**

لە هەموو ئەو کردارە سەربازیانەی ئێران لە ناو عێراق ئەنجامی داون, هەمیشە چاوێکی لەسەر ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بووە  بە کوردو ئێرانییەوە, لە  ئۆپەراسیۆنی فەجری دووی حاجی ئۆمەران لێدانی حیزبی دیموکرات بەشێك بوو لە ستراتیجیەتی ئۆپەراسیۆنەکە, لە هەڵەبجە سەدان رۆژهەلاتی لە گوردانی شوان و  سوپای رزگاری و پەنابەرانی ئێرانی تێ چوون, پێشمەرگەکانی دیموکراتیش بە رێکەوت رزگاریان بوو.

لە ئۆپەراسیۆنی فەتحی یەکیش لێدانی موجاهدین خەلق بەشێك بووە لە ستراتیجیەتی کارەکە, لەناو بەرنامەی ئۆپەراسیۆنەکەدا بووە, کە زیانیان پێ نەگەیووە, بەهۆی هەڵکەوتەی سەربازگەکەیان و قایمی و هێزی ناو سەربازگەکەوە بووە, ئەمە دەستپێشخەرییەکی خراپ بووە بۆ تێکدانی پەیوەندی لەگەڵ ئەم رێکخراوە, تا گەیشتە ئەو جێگا خراپەی پێی گەیشت.

پێشمەرگەیەکی کۆمەڵە بۆمی گێرایەوە, دوای فەتحی یەك رۆژێك دەستەیەك پێشمەرگەی ینك, هەندێك پاسداریان هێنابووە ناو بارەگاکانمان لە مالومە, کە زانیمان پاسدارن  رێگەمان نەدا بێنە ژورەوە, پەیوەندی ینك لەگەڵ ئێران گەیشتە ئەو ئاستە مەترسیدارە, لە کاتێك کۆمەڵەو دیموکرات پێشتر هەموو شتێکی خۆیان لەگەڵ ینك  بەش دەکرد.

**مەسعود بارزانی چۆن باسی فەتحی یەك دەکات**

مەسعود بارزانی کە بۆ خۆی لە ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکاندا دەستپێشخەر بووە, داهیچنەری ئەوجۆرە ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەیە, لە یاداشتەکانیدا  ئاوا باسی فەتحی یەك دەکات, دواتر پارتەکەی دەبێتە بەشێك لە فەتحەکانی داهاتوو" لە 11-10-1986دا, هێزێکی سوپای پاسدارانی ئێران بە هاوکاریی پێشمەرگەی یەکێتی و لە ژێر ناونیشانی هێرشی فەتحی یەك دا, بەرنامەیەکیان دانا بۆ لێدانی نەوتی کەرکوك. بۆ ئەم مەبەستە, رێککەوتنێك لە نێوان یەکێتی و سوپای پاسداران ئیمزا کرا لەسەر  :

-یەکێتی هەموو ئاسانکارییەك بکات ئەو هێزەی پاسداران بکاتە ئەو ئامانجەی بۆیان دیاری کراوە.

- -لە بەرامبەردا ئێران هەموو ئاسانکارییەك بۆ یەکێتی بکات و بە بای هاوکارییان بکات.

200پاسدار بە فەرماندەیی برادەر شەفەق و چەند فەرماندەیەکی تر بە ناوەکانی ( سادق مەحسوڵی, غوڵام پاکڕووح, برادەر بۆیاقچی و برادەر نادری), بە هاوبەشی لەگەڵ ئەم هێزانەی یەکێتی :

تیپی 21 بە فەرماندەیی سیروان.

تیپی 25 بە فەرماندەیی مەلا ئاراس

تیپی کۆیە بە فەرماندەیی مەلا برایم

تیپی 87 ی قەرەچووغ بە فەرماندەیی سەفین.

بۆ ئۆپەراسیرنەکە ئەم چەکانەیان دا بە هێزەکانی یەکێتی : 1500 کلاشینکۆف, 30000 فیشەك,40 بی کەی سی, 1000 فیشەك , 15 دۆشکە 15000 فیشەك , 7 ئاڕپی جی 50 قازیفە, 3 هاوەنی 120 ملم و 1500 گولە, دوو هاوەنی 81 ملم و 1000 گولە. (

هێرشەکە بەناوی فەتحی 1 کرا - بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد - بەرگی چوارەم 1975-1990 شۆڕشی گوڵان- ل 211,212.

**ئۆپەراسیۆنەکانی فەتح و نەسر ؟**

بەڕێز نەوشیروان مستەفا ئاوا باسی جیاوازی نێوان ئۆپەراسیۆنەکانی فەتح و نەسر دەکات, کە 19 ئۆپەراسیۆن بوون 16یان لە کوردستان ئەنجامدران "فەتح و نەسر ئەم عەمەلیاتە کە ئێرانیەکان ناویان لێ نا:((عەمەلیاتی فەتحی یەك))سەرەتای دەستپێکردنی هاوکاری جەنگیی ئێران و یەکێتی بو، عەمەلیاتەکانی تریشیان ناو نا فەتحی 1و2و3و....هتد. لەگەڵ پارتی یش هەندێ عەمەلیاتی هاوبەشیان کرد بۆ ناویان نابو

عەمەلیاتی نەسری 1و2و3.....هتد.هەر بەم دو ناوەوە ئەو بنکانەی پاسداران کە ئیشەکانی یەکێتیان لە ئێران دا ئەنجام دەدا ناویان نابون قەرارگای فەتح و ، ئەوانەی ئیشەکانی پارتییان ئەنجام ئەدا ناویان نابون قەرارگای نەسر ل112-خولانەوە لەناو بازنەدا دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق1984-1988 نەوشیروان مستەفا ئەمین چاپی دووەم 1999."

لە راستیدا نە هەموو ئۆپەراسیۆنەکانی فەتح ینك کردی, وەك پێشتر ئاماژەم بە هەر دەیان داو 3 و 7 پارتی ئەنجامیان دا, نەسریش 9 زنجیرە ئۆپەراسیۆنە لە نێوان 14-4-1987 بۆ 22-11-1987 ئەنجامدران, 6یان لە کوردستان بەڕێوە چوون, ئەو ئۆپەراسیۆنانەی ینك بەناوی نەسر ئەنجامیانی دا 4و 5 , 8 , واتا نیوەی ئۆپەراسیۆنەکانی نەسرە لە کوردستان, زۆر زیاترە لە بەشداری پارتی, ئەگەر پارتی هەر تێدا بێت.

نەسری 1 لە چوارتا, 7یش لە قەلادزێ ئەنجام دراون, لێ دیار نییە چ لایەنێکی کوردی لەگەڵدا بووە, نەسری 2 و 6 لە بەرامبەر بەدرە ئەنجام دراون لە مەیمك, 3 لە دهلەران ئەویش دەکەوێتە ناوەڕاستی عێراقەوە ,نەسری 9 ش لەناوچەی حاجی ئۆمەران ئەنجامدراوە, لایەنی بەشداربوو دیار نییە. بۆیە ئەو زانیارییە تەواو هەڵەیە, بۆ کردنەوەی دوو قەرارگا بەناوی فەتح و نەسر بۆ ینك و پدك, زانیاری تەواوم نییە, وەلێ بە پێی پرسینەکان نا دروستە, دەشێت لەناو قەرارگای رەمەزان ژوریان بۆ کرابێتەوە؟؟, وەك ئاماژەم پیچی دا فەتحەکان و ئۆپەراسیۆنەکان دواتر لە ژێچر فەرماندەیی قەرارگای رەمەزان بەڕێوە چوونە.

**ئیتڵاعات بۆ پارتی: ئێوە تا شارەزوورمان دەبەن ینك تا کەرکووك و بەغدا**

شاکر شیرازی ناسراوە بە باوە شاکر شیرازی ,کاکەیییەو خەڵکی دێی مێخاسی خانەقینە, کۆنە پێشمەرگەی پارتییە, دەڵێت لەو کاتە مەسئول عیلاقاتەکان پارتی ناویان مەلا عومەری لق و مەلا عومەری سورێن بوو لە بانە, ئەمانە فارسیان نازانی, ئازاد قەرەداغی و حەمیدە فەنی بەرپرسی لقی 4 باوە شاکریان نارد بۆ هاوکارییان لە رووی زمانەوە, چونکە من

فارسییەکەم زۆر باش بوو, سەعید شیرازی مەسئول ئیتڵاعاتی بانە بوو, رۆژێك وتی مام جەلال دێت پێشوازی بکەین, روی لە ئێمە کرد و وتی: ئێوە باوتان نەماوە, تا شارەزور ئێمەتان دەبرد بەلام مام جەلال تا کەرکوك و بەغدا ئەمان بات, لە ئێوە باشترە بینیتان ئێمەیان برد بۆ کەرکوك؟.

**سەرانی ینك بۆ ئەزموونیان بۆ لە جینۆسایدکردنی بارزانییەکان وەرنەگرت؟**

هەڤاڵ کوێستانی لە پەرتووکی ئەو رۆژانەی نیشتمان هی هەمووان بوو دەنووسێت" لە گۆڤاری الگلیعە العربیە ژمارە 52ی مانگی ئابی 1984 ,مام جەلال وتویەتی:" سەدام حەکەمە و دوژمن نییە", بارزانییەکان دووجار خائینن, جارێکیان لەبەر ئەوەی دژی کوردی ئێران شەڕ دەکەن, جارەکەی کەش لەبەر ئەوەی پێش پاسدارانی ئێرانی دەکەون و دژ بە سوپای عێراقی شەڕ دەکەن "ل 350-351 .

مام جەلال: سەبارەت بەوەی بارزانیەکان, وەڵامدەداتەوەو دەڵێت: ئەمن نەمگوتووە بارزانیەکان, گووتوومە کوڕانی بارزانی- ل 351 - ئەو رۆژانەی نیشتمان هی هەمووان بوو - هەڤاڵ کوێستانی -سلێمانی 2017- چاپخانەی کارۆ.

مام جەلال پێش پاسدارکەوتن و شەڕ کردن لە گەڵ سوپای عێراق بە خیانەت دەزانێت, دوای خۆی جورِِی پارتی دایەوە و لەو جۆرە خیانەتە هەموویانی رەت دا, پارتی و حسك فەجری دوویان کرد, ئەو فەجری دە, پارتی فەتحی 3 و 8 ی کرد, ئەو نەسری 4 و 5 و 7, کەربەلاو بیت الموقەدەس و چەندین فەتحیشی بخەرە سەریان.

پارتی ئەگەر لەسەر سنوور شەڕی هاوبەشی کرد, ئەو 150 کیلۆمەتر لە قوڵای عێراق و پاسداری بردە بن کەرکووك.

بگرە بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی لەوەش زیاتر ڕۆیی , بەوەی سەدام حسێنی بە ناوبژی کەر ناو برد نەك دوژمنی کورد, ئەمەی لە کاتی خۆی لە گۆڤاری (الگلیعە العربیە) ڕاگەیاند, هەر لەم چاوپێکەوتنەدا ئەوەش

ڕاگەیەندرا سوپای عێراق سوپای نیشتمانە , نابێت لە دواوە خەنجەری ژەهراوی لێ بوەشێنرێت .

بە گوێرەی هەمان میتۆد و بۆچوون , ئەم مانگی هەنگوینیەی نێوان هەردوولا ( ینك - ئێران ) نەك خەنجەر ,بگرە ڕم بوو لە پشتەوە لە سوپای عێراق وەشێنرا: لە ساڵی 1986 لایەنەکەی بەڕێز تاڵەبانی ڕێککەوتننامەی ڕەسمی سیاسی و سەربازی لەگەڵ تاراندا بەست- جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد , وەرگێڕانی سیامەند موفتی زادە , چاپخانەی خاك ل54 .

بەڕێز نەوشیروان مستەفا, کە یەکێك بوو لە کەسایەتییە گرنگەکانی ئەو سەردەمەی ی ن ك, لە پەرتووکی پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن لە دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق (1979-1983), دەربارەی ئەم کارەساتە و هۆکارەکانی نوسیوویە: " گیرانی بارزانییەکان ئەوکاتەی ناوچەی حاجی هۆمەران بوو بوو بە مەیدانی گەرمی جەنگی عێراق - ئێران بنەماڵەی بارزانی و سەرانی پدك بە ئاشکرا هاوکارییان لەگەڵ هێزەکانی ئێران ئەکرد دژی جەیشی عێراقی. کۆکردنەوەی دەنگ و باسی عێراق و هێزەکانی و, چاوساغی و ڕێبەری هێزەکانی ئێران و , هێنان و بردنی دێدەوانی تۆپخانەی ئێران ئەمە بەشێکی کەمی ئەو هاوکارییە ئاشکرایە بو. لە هێرشەکانیش دا ئەوان وەکو هێزی یارمەتیدەر و خەریککەر و لێدانی پشتەوە بەشدار ئەبوون (( پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن, لە دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق 1979-1983 ل321, نەوشیروان مستەفا )), کەچی ئەمان دواتر خۆیان بوونە هێرش بەر نەك خەریککەر.

بەڕێزی بەردەوام دەبێت لەسەر بۆچونەکەی و دەنووسێت:" بەشدار بونی بنەماڵەی بارزانی و هێزەکانیان لە هێرشەکانی ناوچەی حاجی هۆمەران دا, لە لای صەدام جگە لەوەی بە خیانەتی نیشتمانی دا ئەنرا, بۆ خۆیشی بە خیانەت و دەسبڕین و فێڵ لێکردن ئەژمارد."

لێرەدا نەوشیروان مستەفا تەئکید دەکاتەوە لەوەی پارتی بەشداری شەڕی حاجی هۆمەرانی کردووەو ئەو هاوکارییەی پارتی لەگەڵ ئێران لای

بەرێزی خیانەت بووە, کەچی دوایی خۆی هەمان تەرز بە زیاتریشەوە دووبارە دەکاتەوە, تەنانەت داهێنانی تێدا دەکات؟.

کێشە ئەوەیە لە پرۆسەی دادگاییکردنی تاوانبارانی جینۆسایدی بارزانی و ئەنفال و هەڵەبجە سەرانی بەعس هەمان وتەکانی بەرێزان تاڵەبانی و مستەفایان دووبارە دەکردەوە, وەلێ لەبەر ئەوەی لەناو قەفەس بوون وە ئێران حوکمڕانی عێراق بوو, بۆیە وتەکانیان بە هەند وەرنەگیرا, جینۆسایدی کورد پەیوەندی راستەوخۆی بەو هەموو ئۆپەراسیۆنەوە هەبوو بە هاوکاری ئێران ئەنجامدران.

## بردنی خەڵك بەرەو مەرگ

ئەو شەوەی ئاسمانی کەرکووك کرا بە فوارەی ئاگر, گڕی نەوتی باوەگوڕگوڕ کەوتە بەر گڕ, بۆنی کڕۆزەی سوتانی جەستەی مرۆڤەکان لە ناو لادێکانی دەڤەرەکەوە دەهات, تارمایی مەرگ ئەو ناوەی داگرت, ئازارەکانی گەیشتە سەر تخوبی مەرگ, شەوێکی زۆر ترسناك بوو, سەرەتایەکی مەترسیدار بوو, لەو چرکە ساتەوە هەموو شت لە کوردستان گۆڕا, سەرەتای گۆڕانکارییەکی گەورە بوو بۆ خەڵکی کوردستان, خاڵی دەستپێکی لەناو چوونی نەتەوەیەك بوو, لەحزەی تێکەڵ بوون و ئاوێزانی مەرگ بوو لەگەڵ ژیان, مان لەگەڵ فەوتان, شین لەگەڵ شادی.

لە ناوەڕاستی هەشتاکان بە دواوە, بەشێك لە پارتە کوردستانییەکان شەڕی کۆنەپەرستانەی ئێران - عێراقیان هێنایە ناو خاکی کوردستانەوە, ئاوێزانی خەباتی چەکداری کوردیان کرد, ئەنجامەکەی گەیشت بە سوتاندنی خاك و خەڵکی کوردستان لە بەرداشی ئەو جەنگە نەگریسە.

ئەم چالاکییە هاوبەشانە, چەورترین و بەلەزترین تیکە بوون, خرانە ناو مشتی فاشییەکان بەغداوە, هەلی زێڕین بوو زەمینەی بۆیان خۆشکرا, بۆ پەلەکردن لە جێبەجێکردنی نەخشە شۆفینییەکانیان, کە بە ساڵان بیریان لە ئەنجامدانی دەکردەوە و بەدوای هەلێکدا دەگەڕان بۆ جێبەجێردنی, ئەو جەنگە هێنایە ناو بەرنامەی ڕۆژەڤەوە.

رژێم لە وێرانكردنی زنجیرە گوندی سەر سنوور و هەرێمەكانی نەوت و تەعریب و ناوچە گەرمەكانی جەنگ و تیربارانكردنی گروپ تێی نەدەپەڕاند, ئەم تەرزە ئۆپەراسیۆنە هەموو كوردستانی بە خەڵك و خاكەوە لە بەرداشی خۆیدا سوتاند.

لە سەرەتای شوباتی ساڵی 1985, پێشمەرگەكانی ینك لە هەمان ناوچەی ئۆپەراسیۆنی فەتحی 1ساڵەیی, ئۆپەراسیۆنێكی سامناكی پڕتاوانیان بەرامبەر بە هاوولاتیانی تەعریبی گوندی گورزەیی ئەنجامدا" 53 كەس لە پیاو وو ژن و منداڵ و پیرو پەككەوتە كوژران", وەلێ كاردانەوەی بەعس تەنها گرتنی دەیان هاووڵاتی سڤیل بوو, لە سەربازگەی خالید هێشتیانیانەوە, دواتر ئازادیانی كرد, زیانی گیانی فەتحی 1 كەمتر بوو لەو ئۆپەراسیۆنە, وەلێ لەبەر ئەوەی ئێران بەشێك بوو لە ئۆپەراسیۆنەكە, حكومەت كاردانەوەی زۆر توندی هەبوو كە كوردستانی گۆڕی .

رێباز دەڵێ"حكومەتی عێراق دەیزانی ینك دۆستی ئێران نی یە بۆیە هێزەكانی خۆی زۆر سەرقاڵ نەدەكرد بۆ گرتنەوەی هەندێ شوێن كە دەبووە مایەی زەرەرو زیانی زۆر بۆ خۆی كەچی پەیوەندیمان لەگەڵ ئێران گرێ دا ناچار بوو هەندێ هێز لە ناوچە گرنگەكانی شەڕی عێراق -ئێرا بگوازێتەوە كوردستان و پەلەی كرد لە گرتنەوەی سنوورەكان وە بووە هۆی شەڕێكی ڕووبەڕوو لەگەڵ هێزی پێشمەرگە كە بە ڕاستی قازانجی نەبوو- قەندیل بەغدای هەژاند بەشی دووەم نووسینی ڕێباز چاپی دووەم 2008چاپخانەی پەیوەند ل381."

كاتێك گڕی بابەگوڕ گوڕ دەبینێت بە كاتیۆشاو خومپارەی ئێران گڕ دەگرێت ئەوجا دەڵێت"لەوێ بیرم كردەوە ووتم ڕژێم ئەو تۆڵەیە لە جووتیارە هەژارەكان داكاتەوە، گوندەكانیان،دەسوتێنی ، خوڵكەكەشی ئاوارەو دەربەدەر داكا-قەندیل بەغدای هەژاند بەشی دووەم نووسینی ڕێباز چاپی دووەم 2008چاپخانەی پەیوەند ل388."

ینك دوای 3 ساڵ و 50 رۆژ دێن هەمان ژەهری فەجری دوو لە فەتحی یەك دەرخواردی گەلەكەیان دەدەنەوە, كە پێشتر راستەوخۆ هەڕەشە لە خۆیان كرابوو, دەست بۆ ئۆپەراسیۆنی لەم چەشنە نەبەن. حكومەتی

عێراقی سەرکردایەتی ینك ی ئاگادار کردبوەوە لە دەست تێکەڵکردن لەگەڵ ئێران.

"شێخ محەمەد سەرگەڵویی سەرکردەو پێشمەرگەی دێرین بۆ ئێن ئارتی: دوای تێکچونی مفاوەزات سەدام حسێن برادەرێکی نارد بۆلای من بۆ سەرگەڵو پێکەوە چوین بۆ یاخسەمەر بۆ لای مام جەلال ، بە مام جەلال وت سەدام حسێن سەلامت لێدەکات وتویەتی ئەوە شەڕ دەستپێدەکەینەوە، ئەگەر لەگەڵ سوپای پاسداران شەڕمان بکەن یان خەبیری ئێرانی بێنن ئەوا بە کیمیاوی لێتان دەدەین لە هەر کوێیە بە چەکی تەقلیدیش لێمان بدەن ئێمە بە کیمیاوی لێتان دەدەین، مام جەلال وتی درۆدەکەن عێراق نە کیمیاوی هەیە نە ئەتوانێت. سەرکردایەتی زۆر بەروونی ئەیزانی کە ئەگەر سوپای پاسداران بهێنێت سەدام بە کیمیاوی لێیمان دەدات، چونکە سەدام زۆر بەروونی ئەو پەیامەی ناردبوو.".

ڕێباز زۆر ڕاستگۆیانە دەستنیشانی هۆکارەکانی قڕکردن و ئەنفالکردنی گەلەکەمان دەکات ,دەیباتەوە سەر ئەم هۆکارانە : 1- سروشتی دڕندانەی بەعس . 2- هاوکاری هەندێك حیزب لەگەڵ ئێران .3- چالاکی هاوبەش لەگەڵ ئێران و کردنی کوردستان بە بەرەی شەڕی عێراق - ئێران .4- کاروکردەوەی هەندێك لە لێپرسراوان لە قەبەکردنی زیانەکان ."

دەڵێن شکست هەتیووە باوکی نییە, بەڵام سەرکەوتن هەموو کەس خۆی دەکات بە خاوەندی, فەرەیدون عەبدالقادر دەیەوێت خۆی لە رۆڵی لە ئۆپەراسیۆنەکە بدزێتەوە, گوایە راستەوخۆ رۆڵی نەبووە, نازانێت رۆڵی ئەو زۆر گەورەتر بووە لە رۆڵی جەنگاوەرەکان لە ئۆپەراسیۆنەکانی کەرکوك و هەڵەبجە, هێنانی ئێرانییەکان و رێکخستنی پەیوەندییەکان گرنگترە لە بەشداری کردن لە جەنگ"من لەو چالاکییەدا دەوری راستەوخۆم نەبوو, تەنها رێکخستنی پەیوەندی و بینینی ئێرانییەکان بوو, بۆ چارەسەری کێشەو گرفتێگەر بێتە پێش, واتە کاری هاوئاهەنگی سیاسی و چارەسەری کێشەکان کەوتبووە سەر ئەستۆی من !هەڵۆ سورەکانی قەندیل فەرەیدون عەبدوالقادر چاپی دووەم 2020-ل 532.

**دوای فەتح کاردانەوەی بەعس**

لە ساڵی 1985 حەمزە زوبێدی ئەندامی سەرکردایەتی نیشتمانی پارتی بەعس کرا بە سەرۆکی بیرۆی باکووری پارتی بەعس, فەرمانی پێ درا لە شەش مانگدا کۆنترۆڵی ناوچەکە بکات, بەڵام ناوبراو بە دوو شەش مانگی ئەرکەکەی پێ ئەنجام نەدرا, روداوە گەرمەکانی کوردستان و شەڕە هاوبەشەکانی پێشمەرگە لە گەڵ ئێران و نەتوانینی چارەسەر لە لایەن محەمەد حەمزەوە زەمینەی خۆش کرد بۆ هاتنی عەلی حەسەن مەجید.

تا ئێستا سزاکان زۆرینەیان پەیوەند بوون بە پێشمەرگەو بنەماڵەکانیانەوە, لێرەوە قۆناغێکی دیکەی مەترسیدار بە ئاراستەی جینۆسایدکردن دەست پێدەکات, دەستتیشان کردنەکان هاووڵاتیانی سڤیل ئەو بەشەی کۆمەڵگا دەگرێتەوە کە هیچ ئەندامێکی خێزانەکانیشیان پەیوەندییان بە چالاکی سیاسی و سەربازییەوە نییە.

دوای شکستەکەی حەمزە زوبێدی, لە رێکەوتی 18-3-1987 ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرکردایەتی نیشتمانی پارتی بەعس کۆبونەوەیەکی هاوبەش بە سەرۆکایەتی سەدام حوسێن ئەنجام دەدەن, لە کۆبونەوەکە بڕیاری 160 دەردەکەن, بڕیاری ژمارە 160ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و سەرکردایەتی نیشتمانی حیزبی بەعس بە فەرمی لە رێکەوتی 29-3-1987 دەرچوو, تیایدا عەلی حەسەن مەجید کرا بە بەرپرسی حیزبی و ئەمنی و سەربازی رەهای تەواوی ناوچە کورد نشینەکان و باکوری عێراق " موسڵ, کەرکوك, دیالە, سەلاحەدین, هەولێر, سلێمانی, دهۆك" و هەموو دەسەڵاتیکی بڕیاردان و جێبەجێکردنی پێدرا.

هەمان رۆژی دەرچوونی بڕیاری 160, لە رێکەوتی 29-3-1987بە نووسراوی سەرۆکایەتی کۆمار- سکرتێر بۆ بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی گشتی بە ژمارە 965 دەرچوو, بڕیاری بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی " عیتاد خاص" بەرامبەر هاووڵاتیانی کوردستان درا, لە رێکەوتی 15-4-1987 لە گوندەکانی هەڵەدن و چاڵاوەو سەرگەڵو بەرگەڵو خرایە بواری جێبەجێکردنەوە, رۆژی دواتریش لە بالیسان و شێخ وەسانان.

دوو هەفتە دوای چالاك كردنی بڕیاری 160, یەكێك لە گەورەترین تاوانەكان بە چەكی كیمیاوی ئەنجامدرا بەرامبەر بە هاوولاتیانی گوندی بالیسان لە ناوچەی خۆشناوەتی سەر بە پارێزگای هەولێر, " بارەگای پاسدار لە گوندەكە بوو, دەڵێن ژمارەیەكیشیان كوژراون بە چەكی كیمیاوی, لە مانگی فیبریوەری فەتحی 3 یان لە چیای كوڕەك و رەواندز ئەنجام دابوو."

هەرچەند بە فەرمی بڕیاری ژیان سەندنەوە لە بریندار ان سێ هەفتە دوای ئەو تاوانە دەرچوو, بەڵام بریندارانی چەكی كیمیاوی بالیسان و شێخ وەسانان كۆمەڵكوژ كران, بەمەش تاوانەكان پێش فەرمانەكانی خۆشیان كەوتن .

هاوكات هێشتا مەرەكەبی سەر كاغەزی بڕیاری پێشوو وشك نەببوەوە, رێكەوتی 21-4-1987 بۆ 20-5-1987 دیاریكرا بۆ راگواستنی سەرجەم لادێ دەستنیشانكراوەكانی كوردستان بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێكان, بە دوایدا بڕیاردرا تاكو رێكەوتی 21-6-1987 تەواوی لادێكانی كوردستان بڕوخێنرێت, لە بەهاری ساڵی 1987 دا 711 گوند روخێنران, كە 219 گوندیان لە پارێزگای هەولێر, 122 یان لە گەرمیان, 320 گوند لە پارێزگای سلێمانی, 50 گوندیان لە دەڤەری بادینان بوون .

لە رێكەوتی 20-6-1987دا, بیرۆی باكووری پارتی بەعس, كۆبونەوەیەك دەكات, لەو كۆبونەوەیەدا بڕیارێك دەدات, ژیانی گەلێك بە تەواوی دەگۆڕێت, ئەویش بڕیاری ژمارە 4008 بوو, ئەم بڕیارە مانفیستۆی جینۆسایدی گەلی كوردستان بوو, سەرەتایەكە بۆ دەستپێكی جینۆسایدكردنی خەڵكی كوردستان بەشێوەی سستەماتیك و نەخشە بۆ داڕێژراو, كوشت و بڕو دەركردن خرایە چوارچێوەی بڕیاری فەرمییەوە. بە پێی بڕیارەكە سەرجەم ئەو گوندانەی تاكو رێكەوتی 22-6-1987 دەستیان لێ نەدرابوو دەبێت بڕوخێنرێن, هەموو ناوچەكانی دەرەوەی شارەكان بكرێنە ناوچەی قەدەغەكراو, گوندی قەدەغەكراو هەموو ئەو گوندانە دەگرێتەوە لە دەرەوەی دەسەڵاتی سەربازیدا بوو لەوكاتەدا, رژێم تەنها شارو بەشێك لە رێگاكانی بەدەستەوە مابوو, لە روی ئاسایشەوە نابێت ئەو ناوچانە هیچ مرۆڤ و ئاژەڵێكی تێدا بمێنێت و ژیانی تێدا یاساغ كرا,

هاتو چۆو كشتوكاڵی تێدا قەدەغە كرا, هێزی ئاسمانی چاودێری زەوییە كشتوكاڵیەكان و ڕێگاكانی بە چڕی دەكرد, ئەوەی بەربكەوتایە ژیانی لێ دەسەندەوە, سیاسەتی زەوی سوتاندن پەیڕەو كرا, هێزەكان دەستكراوە كران بۆ كوشتنی خەڵكی ئەو ناوچانە لە زەوی و ئاسمانەوە, بڕیارەكە هەوڵدانێك بوو بۆ ئەوەی زۆرترین ژمارەیان لێ بكوژرێت, بە تفەنگ یان تۆپ یان ڕۆكێت وە یاخود لە ئاسمانەوە, بە چەكی ئاسایی یان هیشۆیی و كیمیاوی, یان لە كاتی دەستگیركردندا لەسەر ڕێگاو بانەكان یان لە هێرشەكاندا بۆ ناوچەكانیان گولە باران بكرێن, ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان 15 ساڵ بۆ 70 ساڵ بوو, بڕیاردرا لە سێدارە بدرێن بێ دادگاییكردن, دەستنیشان كران بۆ لەناو بردن, بێ ئەوەی یەك كەسیان لێ دادگایی بكرێت, بەمەش دۆسیەكانیان نەچووە خانەی یاسای تاوانەوە, توانای هیچ داكۆكیكردنێكی یاساییان لە خۆیان نەبوو, وە زۆربەی دەستكەوتەكان كە بەدەست دەهێنران لە سەروەت و سامان بۆ فەوجی جاشەكان و هێزەكانی حكومەتی عێراقی بوون بە پێی بڕیارەكە, هێزەكان عێراق بە تەواوی دەستكراوە كران بۆ فەرهودو تاڵانی, بە تایبەت فەوجەكانی جاشەكان, كە ئەوان دواتر ناوی ئەنفالیان لێ نا. بە پێی بڕیاری 4008 تەقەكردن ئازاد بوو بۆ بەئەنقەست كوشتنی هاوولاتیان, خاڵی حەوت لە بڕیاری 4008, جاشەكانی سەرپشك كرد لە تاڵانكردن" هەموو ئەو شتومەكانەی كەوا فەوجەكانی بەرگری نیشتمانی جەنگاوەرەكانیان دەستیان دەكەوێت بۆ خۆیان دەبێت, تەنها چەكە قورسەكان و چەكی ئەسناد و چەكی مام ناوەندی نەبێت چەكە سوكەكان بۆ خۆیان دەبێت, ئێمەی لێ ئاگادار بكەنەوەو تەنها ژمارەكانیان تۆمار بكەن. پێویستە لەسەر فەرماندەی جحافلەكان چالاك بن و بۆ ئاگاداركردنەوەی هەموو موستەشارەكان و فەرماندەی سرییەكان و مەفرەزەكانیان, وە بە وردی ئێمە ئاگادار بكرێینەوە لە چالاكییەكانی فەوجەكانی بەرگری نیشتمانی ."

**له 22-7-1983 ەوە بۆ 6-9-1988**

لەو ماوەیەدا پارتی, یەکێتی, حسك, حیزبولا و بزووتنەوەی ئیسلامی تا دەعوەو مەجلس ئەعلا دەیان کاری هاوبەشیان لە گەڵ ئێرانییەکان لە پانتایی کوردستان لە کەرکوکەوە بۆ زاخۆ ئەنجامدا, پاسدار بە ئاشکرا لە گوندەکان دەبینران, دەعوەو مەجلس ئەعلا بارەگایان لە هەندێك ناوچە دانا, بەمەش بزاڤی چەکداری کوردستان بووە لێکرێدراوی ئێران, لە کاتێکدا رۆژهەلاتی کوردستان لەژێر داگیرکاریدا دەینالاند.

ئەم جەنگە هاوبەشانە بیانووی دایە دەستەوە لەو ماوەیە 3 کردەی جینۆساید بەرامبەر بە گەلەکەمان ئەنجامدرا" جینۆسایدی بارزانییەکان, ئەنفالو کیمیابارانی هەڵەبجە."

ئەو مێژووە نابێت لێی رابکردرێت, پێویستە خوێندنەوەی دروستی بۆ بکرێت, راستییەکان ئاشکرا بکرێن, دان بە هەڵەکان بنرێت و داوای لێبوردن پێشکەش بە قوربانیان بکرێت.

لە کۆتاییدا ئەو بەڕێزانەی بەشداری ئەو ئۆپەراسیۆنانەیان کردووە, لە یاداشتەکانیان ئاماژەی پێ نادەن, راستییەکان دەرناخەن, راستیەان بڵاو ناکەنەوە , خەتای سیاسی دەکەن, ئەوانەشی بڵاوی دەکەنەوە, بەشێکە لە دەرخستنی راستییەکان, وەلێ دەبێت دان بە هەڵەکانیان بنێن و داوای لێبوردن بکەن لە هەموو ئەوانەی بوونە قوربانی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانیان .

009647503714620